



د.هاشم ساڵح

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

# ڕێکخراوی

# ئیخوان موسلیمین

## لە حەسەن بەنناوە تا محەمەد مورسی

مەراقی گەورەی وڵاتانی عەرەبی لە ئێستادا، ئیخوان موسلیمینە. شایەنی باسە هەر بەناو هێنانیان، ترس و بیم دنیا دادەگرێت. لەبەرئەوە هەوڵیان بۆ ئەوەدا لە رێی دامەزراندنی چەند حیزبێکەوە بە ناوی جیاجیاوە، خۆیان لەوە دەربازبکەن و ئەو ناوە بەناوبانگەی پێ بشارنەوە کە بە راستی توشی رۆگیریەکی گەورەی کردون. بۆ نمونە بروانە پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا و حیزبی ئازادی و دادپەروەری میسر و... هتد.

لەم ماوەی دوایدا بە زمانی فەرەنسی، کتێبێکی قەوارە گەورەیان لەو بارەوە بڵاوکرایەوە کە چیرۆك و بەسەرهاتیان لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەگێڕێتەوە. نووسەری کتێبەکە توێژەر و رۆژنامەنووسی فەرەنسی میکائیل برازانە و وادیارە تەواوی وڵاتانی عەرەبی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا تەیکردوە و لە هەر جێیەك سەرانی ئیخوان موسلیمینی بینیبێت، گفتوگۆی دوور و درێژی لەگەڵیاندا سازداوە. ئەم کتێبەشی بەرهەمی ئەو گفتوگۆ و دیدارانەیە کە چوار سەد لاپەڕەی قەوارە گەورە دەبێت.

میکائیل برازان بە جۆرێك لە جۆرەکان دەڵێت: (ماوەیەك پێش ئێستا ئیخوان موسلیمین رابەرایەتی گەورەترین وڵاتی عەرەبیان دەکرد کە میسرە، بەڵام هەنوکە لە هەموو شوێنێك راوەدوو دەنرێن و لە زیندانەکان توند دەکرێن، یاخود لەژێر زەمینەکاندا خۆیان حەشار دەدەن و دەگەڕێنەوە بۆ ئەو ژیانە نهێنیەی پێشتر زۆریان بەرێکرد بوو).

## ئاخۆ دەبێت ئیخوان موسلیمین کێ بن؟

گروپگەلێکن کە بەسەر تاسەری وڵاتانی عەرەبی و تەنانەت لە دیاسپۆرای ئەوروپی و ئەمریکیدا، بڵاوبوونەتەوە. ئیخوان لەسەر شێوازی دەزگا یان پارتی سیاسی یاخود (رێکخراوی خێرخوازی) لەناو دوو کەوانەدا، خۆیان رێکخستووە. وەلێ هەمیشە شوێن گومانی ئەوەن کە پەیوەندی پتەویان بە بزاوتە تەکفیری و جیهادییە توندڕەوەکانەوە هەیە. ئەڵبەتە خۆیان ئەوە رەتدەکەنەوە و سوێندی گەورە دەخۆن کە ئەوان میانڕەون و پەیوەندیان بە توندڕەوی و توندڕەوە نەفامەکانەوە نییە. بەڵام کێ باوەڕیان پێدەکات؟

بەهەرحاڵ توێژەران و لێکۆڵیاران لە بارەیانەوە جیاوازن. هەندێك دەڵێن: (ئیسلامیستی میانڕەون) و هەندێکی دیکە دەڵێن: (تیۆکراسیەکی ماسك پۆشن). لە راستییدا هیچ شتێك ئەوە ناسەلمێنێت کە ئیخوانەکان پشتیوانی قاعیدەیان کرد بێت، وەلێ زۆر بە زەحمەت سەرکۆنەی کار و کردەوە و تەقینەوەکانیان دەکەن. بە تایبەت قوتبییەکانیان کە پەرگیرترین باڵەکانی ناو ئیخوانن.

ئەوە مانای ئەوە دەگەیەنێت ئەوان گەر بە رووکەش پشتیوانیان نەکەن، بۆ ئەوەیە راستگۆییان لە بەردەم کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە دەست نەدەن، بەڵام بە نهێنی و لەژێرەوە هاوسۆزن لەگەڵیاندا. سەرەڕای ئەوەش دامەزرێنەرانی قاعیدە و ئەو ئایدیایانەی بانگەشەی بۆ دەکەن و ئەو دروشمانەی بەرزی دەکەنەوە، هەر هەموویان راستەوخۆ لە بەرەی ئیخوان موسلیمینەوە دێن. بۆیە هیچ گومانی تێدا نییە کە رێکخراوی قاعیدە،

بەرهەمـی دەسـتی ئیخـوان موسـلیمینە. هەرچەنـدە کارەکتـەر و ئامانجەکانـی هەردوولایـان وەك یـەك بـن، بـەڵام سـتراتیژییەتیان جیـاوازە. چونکـە ئیخـوان موسـلیمین بڕوایـان بـەوە نەمـاوە سـتراتیژیەتی بـن لادن و زەواهیـری و زەرقـاوی، هیـچ ئاکامێکـی هەبێـت، لەبەرئـەوە سـتراتیژییەتی ئیخـوان جەخـت لـەوە دەکاتـەوە کـە پێویسـتە هەنـگاو بـە هەنـگاو و بـە شـێوەیەکی شـێلگیرانە، پەلوپـۆ بهاوێـت و لـە کۆمەڵگـەدا جێـی خـۆی بکاتـەوە، بەرلـەوەی پەلامـاری دەسـەڵات بـدات.

ئیخوانـەکان پێیـان وایـە گـەر لـە وڵاتێکـدا بگەنـە دەسـەڵات، ئـەوا وڵاتانـی دیکـە بـە ئاسانی دەکەونـە بـن دەسـتیان. واتـە لـەو بڕوایـەدا بـوون حوکمڕانـی وڵاتانـی عەرەبـی بکـەن، لـە زەریـاوە تـا کەنـداو و تەنانـەت سەرتاسـەری جیهانـی ئیسـلامیش بکەوێتـە ژێـر ڕکێفـی خۆیـان.

کاتێکیـش محەمـەد مورسـی گەیشـتە دەسـەڵات، کەڵکەڵـەی ئـەوە کەوتبـوە سـەریان. بـەڵام سـەروەختێك شۆڕشـی جەمـاوەری 30 حوزەیـران تەقییـەوە و لـە دەسـەڵات هێنایانـە خـوارەوە، بـێ هیـچ دوو دڵییـەك پەنایـان بردەبـەر توندوتیـژی. واتـە کـەی بەدەردیـان هـات ئـەوا شـێوازی ئاشـتیانە بەکاردێنـن و گـەر بەدەردیشـیان نەهـات، ئـەوا پەنـا دەبەنـە بـەر بەکارهێنانـی کوتـەك، بـۆ تۆقاندنـی خەڵـك و خـوا و هێنانـە ژێربارەیـان بـە زەبـری هێـز. ئـەوە فەلسـەفەی ئیخـوان موسـلیمینە لە ساتەوەختی دروسـتبونییانەوە. هـەر لەبەرئەوەشـە لەلایـەك نووسـینگەی ئیرشـادیان هەیـە و لەلایەکی دیکەشـەوە، دەزگایەکـی نهێنـی تایبـەت شـك دەبـەن. یەکەمیـان ڕویەکـی ئاشـتیخوازانەی فەرمـی سـەنگینی هەیـە و دووەمیشـیان، لـە پەنـا و پەسـێودا کاردەکات و ئەرکـی جووڵاندنـی شـەقام و پەنابردنـە بـۆ هەڕەشـەکردن و تیـرۆر و تەقینـەوە.

میکائیـل برازانـی نووسـەری ئـەم کتێبـە دەڵێـت: (سـاڵی 2010 سـەردانی میسرم کـرد و ڕابـەری گشـتی پێشـوتری ئیخـوان موسـلیمین محەمـەد مەهـدی عاکـف، لـە ماڵەکـەی خۆیـدا کـە دەکەوێتـە یەکێـك لـە گەڕەکەکانـی شـاری قاهیـرە پێشـوازی لێکـردم. لـەو دانیشـتنەدا دەربـارەی پەیوەنـدی نێوان قاعیـدە و ڕێکخـراوی ئیخـوان موسـلیمین پرسـیارم لێکـرد، ئەویـش وەڵامـی دامـەوە و وتـی: بـە هیـچ جۆرێـك پەیوەنـدی لەنێوانمانـدا نییـە، بـەڵام لەهەمـان کاتـدا کەوتـە پاسـاو هێنانـەوە بـۆ کار و کردەوەکانـی بـن لادن و پرۆژەکـەی و لـەو بـارەوە پێـی ڕاگەیانـدم کـە: تەنانـەت گروپـە جیهادییەکـەی بـن لادنیـش ئامانجـی کوشـتن نییـە لـە پێنـاو کوشـتندا، بەڵکـو بـۆ خاتـری ئازادکردنـی سـەر زەمینـی موسـڵمانان لـە داگیـرکاری بیانـی ئـەو کارە دەکات. ئـەوەش ئـەو شـتەیە ئێمـە پێـی دەڵێیـن جیهـاد... پاشـان بەسـەر جەمـال عەبدولناسردا تەقیـەوە و بـە توندی کەوتـە پەلاماردانـی).

وەك ئاشـکرایە دوای ئـەوەی ئەفسـەرانی ئازادیخـواز لـە 23 تەممـوزدا شۆڕشـەکەیان سـەردەکەوێت، ئیخوانـەکان دێـن بـۆ لای عەبدولناسر و پێـی دەڵێـن: (ڕاسـتە ئێـوە کۆدێتـان کـرد و سـەرکەوتن، وەلـێ

ئێوە لە چەند ئەفسەرێك بەلاوە زیاتر نین. لە بەرامبەردا ئێمە- ئیخوان موسلیمین-، نوێنەرایەتی جەماوەر دەکەین و ئێمە شەقامی میسرین و گرەنتی شۆڕشین. بۆیە پێویستە گوێمان بۆ بگرێت و داواکارییەکانمان یەك بە یەك جێبەجێ بکەیت. هەر یاسایەك دەوڵەت دەری بکات، پێویستە یەکەمجار ئێمە ببینین، بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدەین یاخود ڕەتی بکەینەوە. نابێت یاساکان هەروا دەربکەن، بەبێ هیچ سانسۆرێکی ئایینی).

سەروەختێك عەبدولناسر لە حەسەن هوزەیبی ڕابەری گشتی ئەوسای ئیخوان دەپرسێت: (داواکاریەکانتان چییە؟)، هوزەیبی وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: (داوات لێدەکەم یاسایەك دەربکەیت بۆ باڵاپۆشی و تەواوی ژنان و کچانی میسریش پابەندبن پێیەوە.. نابێت هیچ کچێك بەبێ لەچك و داپۆشراوی بچێتە دەرەوە).

عەبدولناسر دوای کەمێك بێدەنگ بوون، وەڵامی دەداتەوە و دەڵێت: (جەنابی ڕابەر تۆ کچێکت هەیە لە کۆلێژی پزیشکی دەخوێنێت و باڵاپۆش نییە. گەر تۆ نەتوانی کچەکەی خۆت دابپۆشی، ئەی من چۆن بتوانم پەچە بدەم بە سەری دە ملیۆن کچ و ژنی میسریدا؟!).

بەو جۆرە عەبدولناسر بە ڕوویاندا دەوەستێتەوە و پێیان دەڵێت: (داواکەتان بە هیچ جۆرێك قبوڵ نییە. ئێوە شتێکن و دەوڵەت شتێکی دیکەیە. واز لە دەوڵەت بێنن بە ئازادی کاربکات و هەوڵ بۆ بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و دروستکردنی ژێرخانی ئابوری و نەهێشتنی هەژاری و دواکەوتویی بدەن. ئەمە شەڕی سەرەکییە، نەك لەچك پێکردنی کچان و ڕێگرتن لە چونە دەرەوەیان).

بەم قسانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە لەو کاتەدا میسر، لە بەردەم دوو پرۆژەی ناکۆك و تەواو دژ بە یەکدابوە: (پرۆژەی جەمال عەبدولناسر و پرۆژەی ئیخوان موسلیمین). یەکەمیان پرۆژەیەکی ڕابونخوازی، داهات و ویستی و پێشکەوتوخواز بوە، دووەمیشیان پرۆژەیەکی ڕابردوو پەرستی کۆنەخواز بوە.

عەبدولناسر خواستی ئەوەبوو میسرێکی نوێی

**ئیخوانەکان پێیان وایە گەر لە وڵاتێکدا بگەنە دەسەڵات، ئەوا وڵاتانی دیکە بە ئاسانی دەکەونە بن دەستیان. واتە لەو بڕوایەدا بوون حوکمڕانی وڵاتانی عەرەبی بکەن، لە زەریاوە تا کەنداو و تەنانەت سەرتاسەری جیهانی ئیسلامیش بکەوێتە ژێر ڕکێفی خۆیان**

سەربەخۆ دروست بکات کە بەرەو ڕێگای گەشە و نوێبونەوە مل بنێت، بە ئامانجی قوتارکردنی لە دۆزەخی دواکەوتویی و ڕاگەیشتن بە کاروانی جیهانی هاوچەرخ. ئەو دەیویست دەوڵەتێکی نەتەوەیی بە مانای مۆدێرنی وشەکە (واتە دەوڵەتێك لە هەوڵی ڕزگارکردنی جوتیاری میسریدا بێت، لە نەزانی، نەخوێندەواری، هەژاری و ملکەچی مێژویی، هەروەها هەوڵبدات بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژنان)، بونیاد بنێت.

جەمال عەبدولناسر دەیویست میسر بکاتە گەورەترین هێزی هەرێمایەتی و خواست و ویستی زۆر گەورە بوو، ڕەنگە لەسەر و توانای خۆشییەوە بوو بێت .یان دەتوانین بڵێین کۆسپ و ئاڵنگاریەکانی بەردەمی، زۆر گەورە بوون و هەرئەوەش لەدواجاردا پشتی شکاند.

بە هەرحاڵ لەناو ئەم ڕوانگە پێشکەوتوخوازییە ڕۆشنگەرەدا، جێگای پرۆژەی کۆنەپەرست و دواکەوتوی ئیخوان موسلیمین نەدەبووەوە. لەبەرئەوە ڕوبەڕووبونەوە لە نێوانیاندا دەبوو هەر ڕووبدات. عەبدولناسر هەوڵیدا ئەوە ڕوونەدات، بەڵام نەیتوانی. ئەم مەسەلەیە چاودێران و توێژەران، زۆر بە دەگمەن لەسەری ڕادەوەستن. ئەوەی ڕاستی بێت عەبدولناسر وەك پاشماوەی سەردەمی ڕابردوو سەیری دەکردن و پێیوابوو سەروەختێك کۆمەڵگە پێشکەوت و هۆشیاربووەوە، ئەوانیش بەسەر دەچن. ئێستا ئەم پرسیارە دەخەینەڕوو: (ئایا میسری جەمال عەبدولناسر، زۆر لە میسری عەبدولفەتاح سیسی جیاوازە؟).ئایا ناکرێت بوترێت: (ئەمڕۆ چەند بە دوێنێ دەچێت؟). ئاخر عەبدوفەتاح سیسیش دەیەوێت میسر ڕزگار بکات و لەو بێسەر و بەرییەی تێیکەوتوە، دەریبهێنێت. ئەمیش ئیخوان موسلیمین لە بەردەم ئەو پرۆسەیەدا، وەك کۆسپ دەبینێت کە ڕێگرە لە بەردەم پێشکەوتن و هەستانەوەی میسردا. کەواتە سەیر نییە عەبدولناسر نمونەی باڵای سیسی بێت. جارێکی دیکە میسر خۆی لە بەردەم هەمان ئاڵنگاری و هەمان تاقیکردنەوەدا دەبینێتەوە.

دواجار میکائیل برازان ئەم پرسیارە دەکات کە پێیەوە سەرقاڵبوە: (جیاوازی چییە لە نێوان ڕەوتی ئیخوانی و ڕەوەتی سەلەفی لە میسردا؟ ئایا هەردووکیان هەریەك شت نین، یاخود دووشتی جیاوازن؟). هەروەها دەڵێت: (پرسیارم لە زۆرێك لە پسپۆڕانی وەك جیل کیبل و کەسانی دیکە کردوە، سەبارەت بەو بابەتە و لە وەڵامدا پێیان وتووم کە سەلەفییەکان زۆر دۆگماترن و زیاتر بە دەقەوە پابەندن. ئەوان بە تەواوەتی لە ڕووی فیکرییەوە داخراون و تەنانەت ڕواڵەت و جل و بەرگیشیان ڕێک و ڕاست، سیمای سەدەکانی ناوەڕاستی پێوە دیارە. بەڵام ئیخوان موسلیمین یان لانی کەم سەرکردە و دەستە بژێرەکانیان، ئەوا قاتی مۆدێرن دەپۆشن و بۆینباخی زۆر شیك دەبەستن. سەرەڕای ئەوەش لە سەلەفییەتدا، چەندین ڕەوت هەن. تەنها یەك ڕەوتیان بڕوای بە پەنابردنە بەر توندوتیژی هەیە، نەك هەموویان. ئەوانی تریان بە بانگەوازی ئاشتیانەی بێوەیەوە خەریکن و لایەنداری سەرکز

گرتن و ئازادمین. وەلێ سەرەوەختێك لە بارەی بن لادنەوە پرسیاریان لێدەکەیت، پێت دەڵێن: شەهیدە! لە ڕاستییدا ئەوانە هەموویان چ ئیخوانەکان و چ سەلەفییەکانی میسر، سەر بە فیکری سەیدقوتب و محەمەد قوتبی براین. ئەوەش ئەو ڕەوتەیە کە لە شەستەکاندا کۆمەڵگەی میسریی تەکفیرکرد و دەڵێت: کۆمەڵگەیەکە لە دۆخی جاهلیدا دەژی و لە ئیسلام تەوەللا بوە. بەڵام چ ئیخوان و چ سەلەفییەکان وەك یەك، دەرگیری ئەو فیکرەنین. ئەڵبەتە لە ڕووی مێژوییەوە جیاوازییەکی ڕوون و ڕەوان لە نێوان ئیخوان موسلیمین و سەلەفییەکاندا هەیە و یەکێك لەسەر کردەوەکانی ئیخوانیش ئەوەی بۆ میکائیل برازان ڕونکردۆتەوە).

سەبارەت بەو پرسە برازان دەڵێت: (بۆ تێگەیشتن لە هەموو ئەو گیر و گازانە و بە تایبەتیش بۆ ڕوونبونەوەی ئەو بابەتە، ڕومکردە نووسینگەی ئیرشادی ئیخوان موسلیمین و لەوێش کەسی دووەمی ڕێکخراوەکە خەیرەت شاتر پێشوازی لێکردم و پێی وتم: لە ڕووی تیۆریەوە جیاوازییەکی گەورە لە نێوان بیر و باوەڕی سەلەفییەت و ئیخواندا نییە، بەڵام ئێمە وەك ئیخوان موسلیمین گرنگی بە پەروەردە کردنی تاکەکەس، خێزان، کۆمەڵگە و حکومەت دەدەین بە گشتی، وەلێ برا سەلەفییەکانمان ماوەیەکی زۆر تەنها بە ئیسلامیکردنەوەی تاکەکەس و خێزانەوە خەریك دەبوون، بێ ئەوەی لەوە دوورتر بڕۆن، واتە بێئەوەی پرۆژەیەکی سیاسی فۆرمەڵە بکەن و هەوڵبدەن حوکمڕانی بگرنە دەست، وەك ئەوەی ئێمە دەیکەین. بەڵام ئێستا ئەوانیش گۆڕاون و وەک ئێمە بونەتە سیاسی. بۆ نمونە پێش شۆڕشی یەنایەر، سەلەفییەکان بە هیچ کلۆجێك بەشداری هەڵبژاردنیان نەدەکرد، بگرە بە حەرامیشیان دەزانی. دوای شۆڕشیش چەند مانگێك هەر دوو دڵ بوون و تیامابوون، بەرلەوەی خۆیان یەکلایی بکەنەوە و بێنە ناو ململانێی سیاسی و پرۆسەی هەڵبژاردنەوە. دوای ئەوە پارتی نوریان دروستکرد. لە ئێستاشدا چوار تا پێنچ حیزبی سەلەفی بونیان هەیە. بە کورتییەکەی جیاوازی سەرەکی نێوانمان، تا ئەم ماوەی دوایش ئەوەبوو تێکەڵ بە کایەی سیاسی ببین یان نا، سیاسەتکردن باشە یاخود خراپە؟).

دواجار دەکرێت بڵێین دوژمنانی ئیخوان موسلیمین بە پلەی یەکەم، ئیخوان موسلیمین خۆیانن. مادامەکی شرۆڤەکردنیان بۆ ئیسلام شرۆڤەکردنێکی سەراپاگیرانە و داخراوە، بۆیە جگە لە سوپرایزی ناخۆش و نائومێدی، هیچی دیکەیان دەستگیر نابێت.

ئاخر ئایین فرە ڕەهەندە و ناکرێت بۆ ئەو تێگەیشتنە سەر پێی و زۆرە ملێیە، کورتبکرێتەوە کە ئیخوان موسلیمین لە بارەیەوە هەیانە و دەیانەوێت، بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا بیسەپێنن. ئایین بۆ ئەوە هاتوە کار ئاسانیمان بۆ بکات، نەك سەرشانمان قورس کات. ئیسلام ئایینی ئەقڵ و زانست و کرانەوەیە، نەك ئایینی ڕق و نەفامی و داخران بێت.

لـە سـەردەمی خۆیـدا، ئیسـلام توانـی هەماهەنگـی لەگـەڵ سـەرجەم شارسـتانییەتەکاندا بـکات، سـەرباری ئـەوەش دڵنیایـمان دەداتـێ، نـەك تـرس و تۆقانـدن بخاتـە دڵمانـەوە. ئیسـلام دینـی سـۆز و بەزەییـە، نـەك ڕق و تووڕەیـی. ئیسـلام ڕوناکییـە، وەلـێ ئیسـلامی سیاسـی ئـەو ڕەهەنـدە بنەڕەتییـەی لـە پەیامـی ئیسـلام و قورئانـی پیـرۆزی فەرامۆشـکردوە، بۆیـە ئایدۆلۆژیاکەیـان درەنـگ یـان زوو شکسـت دەخـوات. سـەرەڕای ئەوانـەش دژایەتـی نـۆرم و بەهاکانـی مۆدێرنـە دەکـەن و دژی بزاوتـی مێـژووش دەوەسـتنەوە. لەبەرئـەوە محەمـەد ئەرکـۆن لـە یەکێـك لـە دەسـتەواژەکانیدا، لـە بارەیانـەوە دەڵێـت: (ئەوانـە شـوێن مەترسـین و دەبنـە باعیسـی شـێواندنی ناوەڕۆکـی ئاییـن و هـزری زانسـتی ڕۆشـنگەر لەیەککاتـدا). هـەر لەبـەر ئـەوەش بـوو عەبدولفەتـاح سیسـی بەسـەریاندا زاڵ بـوو. تەنهـا لەبەرئـەوە بەسـەریاندا سـەرنەکەوت کـە گـەل و سـوپای لەگەڵـدا بـوو، بەڵکـو لەبەرئەوەی تێگەیشـتنێکی ڕۆشـنگەرانەی باشـی بـۆ ئاییـن هەیـە، تـەواو وەك عەبدولنـاسر. هەردووکیـان لـە ناخـەوە موسـڵمانێکی ڕاسـتەقینەن، بـەڵام ئـەوان (واتـە ئیخوانـەکان) تێگەیشـتنێکی دەسـتەگەرایی تاریکخـوازی دەمارگیرانەیـان بـۆ ئیسـلام هەیـە.